## شهرهای ایران در روزگار پارتیان و ساسانیان

ئه‌و کتێبه‌ پڕ بایه‌خه‌ له‌سه‌ر بارودۆخی شاره‌کانی بین النهرین و مێژوو و کولتووری خه‌ڵکی باکووری رۆژئاوای ئێران له‌ سه‌ده‌کانی سێهه‌م تا پێنجه‌می زایینی دا نووسراوه‌. نووسه‌ر، "خاتوو پیگولوسکایا" کتێبه‌که‌ی به‌ رووسی نووسیوه‌ پاشان له‌ زانستگه‌ی سۆربۆنی فه‌رانسه‌ کراوه‌ته‌ فه‌ره‌نسی و ئێنجا عنایت الله رضا وه‌ریگێراوه‌ته‌ سه‌ر فارسی و بۆ ته‌رجه‌مه‌که‌ی خۆی که‌ڵکی له‌هه‌ردوو ده‌قی رووسی و فه‌ره‌نسی بینیوه‌. کتێبه‌که‌ سه‌رچاوه‌یه‌کی گرنگه‌ بۆ بارودۆخی ئابووری – سیاسی – فه‌رهه‌نگی شاره‌کان و له‌ناو ئه‌وانه‌دا گه‌نزه‌ک و ئاورگه‌ی شیز له‌ رۆژهه‌ڵاتی بۆکان. نووسه‌ر ده‌نووسێت :

"ستایش کردنی ئاناهیتا و په‌رستنی ئاگر سه‌ره‌تا له‌ شیز بره‌وی سه‌ند و پاشان له‌ سه‌رده‌می پارتییه‌کاندا گه‌یشته‌ ئه‌رمه‌نستان (ل ٤٦٦) ... پێش هێرشی عه‌ره‌ب، شیز له‌ هه‌موو وڵات (ی ئێران) دا گرنگایه‌تی زۆری هه‌بوو. له‌و شوێنه‌، به‌تایبه‌ت ناوچه‌ی گه‌نزه‌ک و به‌ ته‌نیشت ئاورگه‌ی ناوداری ئاتورگوشسب(ئازه‌رگوشنه‌سه‌ب) هوه‌ قوتابخانه‌یه‌ک بۆ په‌روه‌رده‌کردنی "موغ" هه‌بوو. ئه‌وه‌ شوینی په‌روه‌رده‌ی هه‌موو موغه‌کان بوو و "سروش موغان" ی پێ ده‌گوترا. شوێنێک بوو که‌ موغه‌کانی هه‌موو ئێران له‌وێ کۆده‌بوونه‌وه‌ تا دۆعای زه‌رده‌شت کوڕی سفیدتامان فێربن" . له‌ شیز پێرستێک له‌ ده‌قی جۆربه‌جۆری ئاڤێستا له‌سه‌ر پێستی گا نووسرابوو... ئه‌م کتێبه‌ سه‌رچاوه‌یه‌کی به‌نرخه‌ بۆ مێژووی به‌شی رۆژهه‌ڵاتی بۆکان.

ن. پیگولوسکایا، شهرهای ایران در روزگار پارتیان و ساسانیان، ترجمه عنایت الله رضا، چاپ سوم انتشارات علمی و فرهنگی، تهران ١٣٧٧(١٩٩٨)